٤- وەرگرتنی پشتیوانی ڕۆم و ئەرمەنی و کورد و فارسەکان بۆ هاوکاری کردنی و یارمەتی دانی.

٥- ستەمی کاربەدەستانی عەباسی لەجوتیار و کارمەندانی دەوڵەت و گەلانی ناعەرەب لەو سەردەمەدا.

## ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەکە لەرووی ئایینی و کۆمەلآیەتییەوە:

سەبارەت بەو ئایدیۆلۆژیایەیی کە بزوتنەوەکە و خودی بابەکی ڕابەری بزوتنەوەکە هەڵیان گرت و هەزاران لایەنگریان لەدەوری خۆیان پێ کۆکردەوە، ئایدیۆلۆژیایەکی پشت ئەستوور بوو بە چەندین ریفۆرمی ئایینی و کۆمەلآیەتی لەوانە:

١- لەرووی باوەڕەوە دەچوونەوە سەر زەردەشتی و مەزدەکی و باوەڕیان بە هەردوو هێزی خێر و شەڕ هەبوو، کە (خواوەندی رووناکی و تاریکی) بوون.

٢- باوەڕیان بە دادوەری کۆمەلآیەتی هەبوو و داوای ملکەچ نەکردنیان دەکرد بۆ دەرەبەگ و خەلیفە عەباسییەکان و باج نەدان پێیان.

٣- داوای دابەشکردنی زەوی و داهاتی دەوڵەتیان بەسەر سەرجەم خەڵکیدا کرد.

٤- باوەڕیان بە ئازادی ژنان و بەرزکردنەوەی پایەیی کۆمەلآیەتیان هەبوو.



٥- داوای پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و نەهێشتنی بەرژەوەندی تاکە کەسیان کرد.

## کورد و بزوتنەوەی بابەکی خورەمی:

کورد یەکێکە لەو پشتیوانە سەرەکیانەی بزوتنەوەکە کە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی خۆیان گێرا، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکێك لەسەرکردەکانی کورد بەناوی (عیسمەتی کوردی) کە لەرۆژگاری بزوتنەوەکەدا فەرمانڕەوای شاری مەرندی ئازەربایجان بوو، لەساڵی ٢٢٠ ك/ ٨٣٥ ز پەیوەندی بە بزوتنەوەکەوە کرد و شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری خستە ژێر دەسەلآتی بابەکی خورەمی ڕابەری بزوتنەوەکە، ئەم هەڵوێستەش وای لەکۆمەڵێك سەرۆك هۆزی کوردی ناوچەکە و دەوروبەری کرد، کە پەیوەندی بە بزوتنەوەکەوە بکەن و ناوچەکانی ژێر دەسەلآتیان بخەنە خزمەتییەوە، هەروەها هەزاران جوتیاری کورد لەپاڵ جوتیارانی فارس و ئەرمەن و رۆم بەشداریان لەم بزوتنەوەیەدا کرد، ئەم هەڵوێستەی کوردەکان بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئایینی وەها بە سەرجەم توێژەکانیەوە هەر لەمیر و سەرۆك هۆز و جوتیار و کاسبکارەوە سەلماندنی ئەو راستییە بوون، کە دەسەلآتدارانی عەباسی هاوکار و پشتیوانی مافی رەوای ئەوان و ئاسانکردنی باری بژێوییان نەبوون، بەڵکو باری کورد لەپاڵ باری ئەو گەلانەی تر هەر قورس و ناهەموار بووە، دیارە ئەو هەڵوێستەی کوردەکانیش کە هێزی چەکدار و توانای ماددی و



نەخشەی سەربازی و سیاسی هاوکاری ئەو بزوتنەوەیە بوون، بەلگەی ڕێکەوتنی پێشتر و هەستکردنیان بووە بە بەرژەوەندی هاوبەش و وەلانانی بەرژەوەندی تاکە کەسی، هەروەها بەڵگە هەوڵێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی بووە بۆ سنووردانان بۆ تاکرەوی سیاسەتی خەلافەت و دان نان بە مافە رەوا بژێوییەکانیان و کەمکردنەوەی باجەکان لەسەریان، بۆیە کوردەکانی هەرێمی چیا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەشداری کاریگەریان تیا کرد و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لەرووی کۆمەکی ماددی و کۆمەکی هێزی چەکدار و نەخشەی سەربازی و سیاسییەوە بینی و گڕ و توانایەکی نوێ بە ڕابەر و خودی بزوتنەوەکە بەخشی.

## هۆکارەکانی تێکشکاندن و لەناوبردنی بزوتنەوەکە:

بێگومان هەموو بزوتنەوە و راپەرین و شۆڕشێك لەدەرئەنجامدا کۆمەڵێك هۆکار دەردەکەون و بەرپادەبن، ئاوەهاش کۆمەڵێك هۆکار دەبنەهۆی تێکشکاندن و لەناوبردنی، لەم ڕووەوە بزوتنەوەی بابەکی خورەمی لەو واقیعە بەدەر نەبوو، بۆیە پاش بیست و دوو ساڵ تەمەن لەدەرئەنجام کۆمەڵێك هۆکار بەرەو لاوازبوون چوو، دواتر تێکشکاو لەناوبرا.

لەگرنگترین ئەو هۆکارانەش ئەم بزوتنەوەیەیان بەرەو رووخان برد ئەمانە بوون:

١- شالآوێکی گەورەی سوپای عەباسییەکان لەژێر سەرکردایەتی



(ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم) لەساڵی ٢١٨ ك/ ٨٣٣ ز بۆ سەر مەڵبەندی بزوتنەوەکە زیانێکی گەورەی بە مەڵبەند و ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی گەیاند و بزوتنەوەکەیانی بەرەو لاوازی برد.

٢- خەلیفە موعتەسەمی عەباسی بوجەی تایبەت و گەورەی بۆ لێدان بزوتنەوەکە و سەرانی تەرخانکرد و هەوڵی کڕینی سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی دا، تەنانەت بۆ هەر رۆژە شەڕ و پێکدادانێك دە هەزار درهەمی تەرخانکرد.

٣- بە دیل گیرانی (عیسمەتی کوردی) لەلایەن هاوکار و لایەنگرێکیەوە کە (ئیبن ئەلبەعیث) بوو، وەك کارێکی خیانەتکاری شیرازەی سوپاکەی بابەك و وەرەی هێزەکەی لەبەریەك هەڵوەشاند، چونکە عیسمەت سەرکردەیەکی دیار و بە توانای بزوتنەوەکە بوو.

٤- کەسایەتی و دڵڕەقی (ئەفشین)ی تورکی سەرکردەی خەلیفە موعتەسەمی عەباسی و کاول و وێرانکردن و سوتاندنی ئەو ناوچانەی دەستی بەسەرداگرت و درێژکردنەوەی بەرەی شەڕەکان و ماوەی شەڕەکان و گەمارۆ خستنەسەر هێزەکانی بابەك زیاتر وەرەی هێزەکانی بابەکیان دابەزاند.

٥- وازهێنانی سەرانی ئەرمەنی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینی لەکۆمەك کردنی بزوتنەوەکە لەدەرئەنجام ڕێکەوتنامەیەکی خەلیفە موعتەسەم لەگەڵ هەر لایەکیاندا، بزوتنەوەکەی بێ پشتیوان هێشتەوە.